کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-5-2007 13:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەڵوێستێک بۆ ڕزگار بوون لەشەرمەزاری ... خەبات نەوزاد

مانەوەی کامیل عبدالقاردر بەئازارەوە لە نەخۆشخانە هەموومان شەرمەزاری خوێنی شەهیدانی



هەڵەبجە ئەکات بەتایبەت کار بەدەستان و حکومەت نۆزدە ساڵ لەگەڵ ئازار ژیان، نۆزدە ساڵ جەنگێکی بەردەوام لەگەڵ مەرگ، نۆزدە ساڵ بیرکردنەوە لەمەرگی دایەو بابەو خوشك و برا و ئازیزان، "مەرگێك مەگەر تەنها هەڵەبجەییەکان هەست بەگەورەی ئازارەکەی بکەن" هەموو ئەمانە سیفاتی پیاوێکی ماندوی بەرکەوتەی چەکی کیمیاییە کە بەبی ئەوەی هیچ تاوانێکی هەبێت و لەبی ئاگایدا و لەکەمترین ماوەدا شارەکەی وێران کراو بەهەزاران لە هاولاتیانی شارەکەی بونە قوربانی ئەو کارەساتە.

کامیل عبدالقادر وەیس ئەو ناوەیە کەم کەس هەیە نەیبیستبێت، کەم کەناڵی ڕاگەیاندن هەیە بەتایبەت بیانیەکان بۆ دروستکردنی ستۆری و ڕاپۆرتێك لەسەر مەرگەساتی هەڵەبجە بەردەوام و سالانە لیقائ و دیداری دورو درێژیان لەگەڵ نەکردبێت، ئەم پیاوە نۆزدە سالە و پاش کارەساتەکەی 1988/3/16، چەکی قەدەغە کراوی کیمیای بەکار هاتوو لە بۆردومانەکەی هەڵەبجەدا بەخەستی بریندار ئەکات و لەو مێژووە بەدواوە تائێستا ئازار دۆستێکی بێزار کەری ئەوەو بەردەوام وەك خۆی دەڵێت "دۆستایەتی لەگەڵ نەخۆشخانەکاندا بۆتە پیشەیی و خواردنی حەب و دەرمان و بەکار هێنانی دەرزی لەپێش و پاشی هەموو ژەمە نانخواردنێك خاڵێکی نەگۆری ژیانی ئەوە". تائێستا زۆرترین سەردانی نەخۆشخانەکانی کوردستانی کردوە خەڵکی زۆر جار وەك فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی تەماشای دەکەن "کە هیچ کات چارەی ئەم پیاوە لەو نەخۆشخانانەدا نیە" وە کەمترین سەردانی نەخۆشخانەکانی دەرەوەی کردوە تەنها یەك جار چوەتە ولاتی نەمسا کە وەك خۆی ڕاستەو خۆ بەوەزیرێکی وت "تکایە چارەسەرێك بۆ هەموو نەخۆشەکانی چەکی کیمیایی، ئێمە چارەمان لێرە نیە وەلا من دوو هەفتە چومە نەمسا دوو کیلۆم زیاد کرد" وەلی ئەم حکومەتە ئەوەندە بێباکە و ئەمەندە بیی خەمە زۆر لەوە کەترە لەم قسەیە بگات "... وەلا من دوو هەفتە چومە نەمسا دوو کیلۆم زیاد کرد" مامۆستا کامیل تائێستا لەسەر زۆرترین خەرجی خۆی چەندین جار کە نەخۆشیەکەی گەیشتوەتە ئەو پەری ئازاردان چوەتە تارانی پایتەختی ئێران لە دواسەردانی ئەم پیاوە بۆ ئەو نەخۆشخانانە بەپێی تازەترین ڕاپۆرتی پزیشکی، پزیشکەکانی ولاتی ئێران ئاشکرایان کردووە ئەم نەخۆشە ئێستا 80%ی سیەکانی لەکار کەوتووە و تەنها 20% کاردەکات، هەرئەو کات ئەمە لەچەند ڕۆژنامەو میدیایەکدا بلاو بوەیەوە و ڕاستەو خۆش حکومەت ئاگادار کراوەتەوە وەلی ئەوەی خەمخۆری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-5-2007 13:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەم پیاوە نەبینرا ئاخر کام وڵات هەیە هاوڵاتیەکی 80%ی سیەکانی لەکار کەوتبێت و دادو بێدادی نەبێت و هیچ نەکات تا چارەی ئەو هاوڵاتیەی دەکات، بەداخەوە ئەوەی بوە ئەو وڵاتەی ئەم کارە هیچ گۆرانێکی تێدا دروست نەکات کوردستان بوو.

ئێستا نزیکەی دوو هەفتەیە کامیل عبدالقادر وەیس بەقورسی نەخۆشیەکەی روی تێکردوەتەوە و هەفتەیەك زیاترە لە نەخۆشخانە کەوتووە، روخساری ئەم پیاوە لەسەر ئەو سیستەمەی پاڵکەوتووە روخسارێکە "بەبینینی هەموو حکومەتت بە شەرمەزاری دێتە پێش چاو" ئەم پیاوە ئێستا پێویستە بە نەشتەرگەریەك هەیە سیەکانی بگۆردرێت و کەمێك ئازاری کەم بکرێتەوە "کە ئەو نەشتەرگەریە لەم وڵاتە پێشکەوتوەی ئێمەدا ناکرێت وپێویستی بە ناردنە دەرەوە هەیە!" وەلی کەسێك نیە سۆزی کوردایەتی و مرۆڤ دۆستی بجوڵێت و ئەم پیاوە لەمەرگ رزگار بکات.

نە خۆشکەوتنی ئەم جارەی م. کامیل هاوکات بوو لەگەڵ سەردانی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان بۆ هەڵەبجە سەردانێك کەمن جگە لە سەردانێکی ئاسایی هەستم بە ئەنجامێکی ئیجابی و باشی ئەو سەردانە نەکرد هیچ نەبێت ئەو بریارەی لی نەکەوتەوە فریای کامیل کەون و لە مردن رزگاری کەن، تکایە جەنابی وەزیر مامەڵەتان لەگەڵ هەڵەبجە لە مامەڵەیەکی "دروشم بازیەوە بگۆرن بۆ مامەڵەیەکی جدی و کرداری" بایەکەم کاریشتان بۆ ئەم مەبەستە ناردنە دەرەوە و رزگار کردنی کامیل بێت لەمەرگ و ئەوانەی وەك کامیلن و لە هەڵەبجە دژوار ئەژین.

میللەتێکی زۆر هەژارین نمونە گەلیك بۆ بێباکی و پشتگوێ خستنی ئەم گەلە لەلایەن حکومەتەوە ئەبیستین و ئەبینین وەلی هەر کۆڵ نادەین و داوا ئەکەین حکومەت لە شەرمەزاری بێتە دەری و خەمی ئەم گەلە بخوات، نمونەیەکی سادە لەگەڵ رژنامەنوسێکی هاورێم بەمەبەستی سەردانی م. کامیل لەنەخۆشخانە و وێنە گرتنی ئەم پیاوە تا لەرێی راگەیاندنەوە کارێکی بۆ بکەین "پاش زیارت لە یەك کاتژمێر و نیو بێنەو بەردەیەکی زۆر رازی بە گرتنی یەك وێنەی ئەم نەخۆشە هەژارە نەبوون، ئیتر چۆن ئامادەی بردنە دەرەوەی ئەبن!!!".

مەسەلەی بریندارەکانی هەڵەبجە بابەتێکە ئازار بەخش بەپێی ئەو راپۆرتە پزیشکەی پار ساڵ لیژنەیەك لەوەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوو 69 کەس لەو بریندارن باری تەندروستیان زۆر خراپەو تەنها لەدەرەوەی وڵات چارە دەکرێن وەڵی ئەوەندە سست لی جوڵانەوە و بە لە بردنە دەرەوەیان دووکەس لەو نەخۆشانە گیانیان سپاردو مەرگ ئەو ئازارەی لەکۆڵ کرنەوە نەك حکومەتی هەرێم!!!

م. کامیل یەکێك لەو 69 کەسە بوو ئێستا پێویستە بەجدی حکومەت لە شەرمەزاری و بی باکی خۆی رزگار بکات و بەر لەوەی ئەم نە خۆشەش تەنها مەرگ فریای بکەوتێت هەڵوێستێك کە لە هەڵوێستی مەرد بکات لەحکومەتە بوەشێتەوە و ئەم پیاوە لە مەرگ رزگار بکات و جارێکی تر بیخاتەوە ناو ئەو خێزانەی کە چەندین ساڵە "بە ئازارەوە نازی سی کۆرپەکەی هەڵدەگرێت". مانەوەی کامیل عبدالقاردر بەئازارەوە لە نەخۆشخانە هەموومان شەرمەزاری خوێنی شەهیدانی هەڵەبجە ئەکات بەتایبەت کار بەدەستان و حکومەت تکایە لەو شەرمەزاریە وەرنە دەری.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.